# گەل — ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٨٦) یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/٨


## سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا بۆ ٣٦٠٠ بەرز دەبێتەوە

دوێنی شەممە ٧-٧-٢٠٠٧ هێزەکانی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا کوژرانی شەش سەرباز و بریندار بوونی ژمارەیەکی دیکەی راگەیاند، بەوهۆیەوە ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا لەشەڕی عێراق بۆ ٣٦٠٠ بەرز دەبێتەوە.

هێزەکانی ئەمریکا پێشتر دوپاتیان کردبۆوە کە کردەوە توندو تیژیەکان و چالاکیەکانی دژ بە هێزەکانی فرە ڕەگەز لە عێراق بەرەو کەم بوونەوە چووە، بەڵام ئاماری کوژراوەکان ئەو لێدوانانە بەدرۆ دەخاتەوەو ئاشکرا دەکات کە کردەوە خۆکوژیەکان و چالاکیەکانی دژ بە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی رۆژ لەدوای رۆژ زۆرتر و چڕتر دەبنەوە، بەوهۆیەشەوە داهاتووی عێراق و هێزەکانی فرەڕەگەز لەژێر هەڕەشەیەکی چاوەڕوان کراودا دەمێنێتەوە.

بەگوێرەی بەیاننامەی هێزەکانی ئەمریکا، مینی چێنراو زۆرترین زیانی گەیاندووە، چونکە زۆربەی جاران هێزەکانی ئەمریکا رووبەڕووی مینی چێنراو دەبنەوەو زیانیان لێدەکەوێ.

**یاسای نەوت حکومەتی هەرێم سەرسام دەکات** — ل٣

**هەرگیز بیرم لە قەیرەبوونی خۆم نەدەکردەوە** — ل٤

**دوای لێبووردنی گشتی کێشەی ونبووەکان زیندوو دەبێتەوە** — ل٥

**کێشەکانی ژن بە دەستی خۆیەوە قوڵتر دەکرێتەوە** — ل٦

**زانستی سیاسەت و بەشە هاوپەیوەندیەکانی** — ل٨

# HRW : زیندانی نهێنی لە کوردستان هەیە و گیراوەکانیش ئەشکەنجە دەدرێن

رێکخراوی مافی مرۆڤ (هیومان رایتس ووچ) لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەوە تۆمەتبارکردووە کە زیندانی نهێنی تێدایەو گیراوەکانیش ئازارو ئەشکەنجە دەدات. راپۆرتەکە دەڵێ: ساڵی رابردوو تیپێکی تایبەت سەردانی دە بەندیخانەی کردووە کە ئاسایشی حکومەتی هەرێم لە سێ پارێزگادا بەرێوەیان دەبات، راپۆرتەکە دەڵێ بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بارودۆخی گیراوەکان تیپەکە چاوی بە ١٥٨ زیندانی کەوتووە، بەوهۆیەوە بۆی دەرکەوتووە کە پێشێلکاری گەورە دەرهەق بەوان ئەنجام دراوە. رێکخراوەکە دووپات دەکاتەوە کە ئەمساڵ تیپێکی تر سەردانی کوردستان دەکات و بەدواداچوون لە بەڵێنی بەرپرسانی حکومەت دەکات.

راپۆرتەکە نووسیویەتی: زۆربەی دەستگیرکراوەکان بە شێوەیەک ئەشکەنجەدرابوون، هەندێکیان لە ساڵێک بۆ پێنج ساڵ دەبێ بەبێ هیچ تۆمەتێک لە زیندان راگیراون.

"سارە لی"، بەرپرسی بەشی رۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقیا لە رێکخراوەکەدا لای سەیربووە کە کوردەکان پێشێلکاری دەکەن، چونکە ئەوان لەسەردەمی سەدام حوسێن دا زۆریان ئازار وئەشکەنجەدانیان بینیوە.

لەلایەکی دیکەوە نێچیرڤان بارزانی" سەرۆکوەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی دا راوەستەی لە سەر دوایین پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە کوردستان وەکو یاسای نەوت، هەڕەشەکانی تورکیا و راپۆرتی رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی کرد.

بارزانی سەبارەت بە راپۆرتی HRW گوتی: نوێنەرانی رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ سەردانی دەزگا ئەمنییەکانی ئێمەیان لەهەولێر و سلێمانی کردووە و من بە نوسراوی رەسمی نامەم بۆ ئاسایشی هەولێر و سلێمانی نوسیووە و سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی لە راپۆرتەکەدا باسی لێوەکراوە داوای روونکردنەوەم لێکردوون، پاشان ئێمە کۆمیتەیەکی بێلایەن پێکدەهێنین بۆ ئەوەی دیراسەی ئەم راپۆرتە بکەن و وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران بدەنەوە، ئێمە خۆمان دەرگامان کردۆتەوە بۆ ئەم رێکخراوە کە بچێت هەموو شوێنەکان ببینێت و من خۆم پشتگیری راپۆرتەکەم کردووە کە بڵاوبکرێتەوە و هیچ شتێکی لێ نەشاردرێتەوە، ناشتوانم بڵێم کە راپۆرتەکە راستە یان نا، بەڵام گەورە بەرپرسان دەزگەی ئاسایش زانیاریەکانی ناو راپۆرتەکە رەت دەکەنەوەو بە زیدەڕۆیی لەقەڵەم دەدەن!

## نیوەی ئەمریکیەکان حەز دەکەن سەرۆک بۆش دەست بکێشێتەوە



**دەزگای** " برینتسۆن" ی ئەمریکی بۆ بەرژەوەندی گۆڤاری " نیوزویک" لەماوەی رۆژانی ٢ و ٣ی ئەم مانگەدا راپرسیەکی ئەنجام داوە کەتیایدا دەرکەوتووە کە نیوەی خەڵکی ئەمریکا ئارەزووی لەدەست کار کێشانەوەی سەرکۆماری وڵاتەکەیان " جۆرج دەبلیوو بۆش " دەکەن، هەروەها ژمارەیەکی زیاتریش دەیانەوێ جێگری سەرۆکی ئەمریکا "دیک چینی" دەست لەکار بکێشێتەوە.

بەگوێرەی راپرسیەکە لەسەدا( ٤٥ ) ی ئەمریکیەکان لەکاتی دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆکەکەیان ئامادەن پشتگیری لەئەنجومەنی نوێنەران بکەن ، بەڵام لەسەدا( ٤٦ ) ی ئەمریکیەکان پشتگیری ئەو هەنگاوەیان نەکردووە.

لەسەدا ٥٤ ی ئەمریکیەکان پشتگیری لە دەست لەکارکێشانەوەی دیک چینی دەکەن، ئەو هەنگاوە بەبەراورد لەگەڵ لەسەدا ٤٠ کە پشتگیری ناکەن.

جێی ئاماژەیە کە راپرسیەکە لەگەڵ ١٠٠٢ کەسی ئەمریکی ئەنجام دراوە، بەوهۆیەشەوە دەرکەوتووە کە لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا جۆرج دەبلیو بووش ناخۆشەویسترین سەرکۆماری ئەو وڵاتەیە، هەروەها زۆرترین کاری ئاوارتەشی ئەنجام داوە، لەوانەیە بەوهۆیەوە لەمێژوودا جێگە دەگرێ.

## سوید تەنگ بە عێراقیەکان هەڵدەچنێ

سوید بڕیاریداوە سنوورێک بۆ شاڵاوی پەنابەرانی عێراقی دابنێێ، چونکە عێراقیەکان بە شاڵاو روو لەو وڵاتە دەکەن. لەمبارەیەوە سەرچاوەیەک روونیکردەوە کە دادگەی سوید بڕیاێکی نوێی بۆ وەرگرتنی ئەو پەنابەرانە دەرکردووە. لەمبارەیەوە دەزگاکانی کۆچی وڵاتی سوید رایانگەیاند کە ئەو عێراقیەی روو دەکاتە سوید پێویستە بیسەلمێنێ کە بە راستی ژیانی لە عێراق لە مەترسیدایە.

لەلایەن خۆیەوە **دان ئێلیاسۆن** بەرێوەبەری گشتی دەزگاکانی کۆچ لە سوید رایگەیاندووە کە لەسەرەتای ئەم ساڵەوە نزیکەی دە هەزار عێراقی بۆ وەرگرتنی مافی نیشتەجێبوون داواکاریان پێشکەش بە وڵاتی سوید کردووە ، ئەمەش رێژەیەکی زۆرە. هەروەها روونیکردەوە کە دادگای سوید بڕیارێکی دەرکردووە و بەپێی ئەو بڕیارەوە هەر عێراقییەک نەتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە لە وڵاتەکەی مەترسی مەرگی لەسەرە، ئەوا وڵاتی سوید مافی نیشتەجێبوونی پێنادات.

## تەقینەوەیەکی گەورە ئامرلی دەهەژێنێ

سەرلەبەیانی رۆژی شەممە -- تەقینەوەیەکی گەورە ناحیەی ئامرلی سەربە شارۆچکەی دوزخورماتووی هەژاند کە لە ئاکامدا ٥ کەس کوژران و بریندار بوون.

سەرچاوەیەکی تایبەت بە هەفتەنامەی (**رۆژی گەل**)ی راگەیاند کە تەقینەوەکە لەرێگەی لۆریەکی بارهەڵگرەوە لەنێو بازاڕی ئامرلی ئەنجام دراوە، بەوهۆیەشەوە زیانێکی زۆری بە خەڵکی سڤیل گەیاندووە.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکە ٥ کەس کوژراون و بریندارێشی لێکەوتۆتەوە کە برینی هەندێکیان زۆر سەختە. هەروەها لە ئاکامی تەقینەوەکەدا زیانێکی گەورە بە دوکان و باڵاخانەکانی دەوروبەر گەیشتووە.

چاودێران پێیانوایە کە کەرکوک و شارۆچکەکانی سەر بەو پارێزگایە بەمەبەستی هەڵگیرساندنی شەڕی نەتەوەکان بۆتە ئامانجی گروپە توندڕۆکان و دەیانەوێ بەو هۆیەوە ئاسایش و ئارامی پارێزگاکە بەرەو قەیرانێکی راستین ببەن، چونکە پێکهاتەی پارێزگاکە لە کوردو عەرەب و تورکمان و ئاشووری پێکهاتووە، هەم دەوڵەتانی عەرەبی پشتگیری لە گروپە سوننە توندڕۆکان دەکەن، هەمیش دەوڵەتی تورکیا پشتیوانی لە بەرەی تورکمانی دەکات، هەردوو لایەنیش ئامانجیان ئاڵۆزکردنی رەوشی پارێزگاکەیە، ئەگەر سیاسەتێکی ژیرانە هەڵنەگیرێتەوە بەرەو شەڕێکی نێوەخۆ دەڕوات.




## میلیارد دۆلار بۆ هێرش نەکردنە سەر کوردستان پشتراست دەکرێتەوە

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لە لێدوانێکی نووسراو دا ناڕاستەوخۆ ئەم هەواڵانەی پشتراست کردەوە کە "ئەمریکا بە مەرجی هێرش نەکردنە سەر کوردستان"، بەڵێنی دابوو یەک میلیارد هاوکاری تورکیا بکات.

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا هەفتەی رابردوو لە لێدوانێکی نووسراو دا ئەم هەواڵەی پشتراست کردەوە کە ماوەیەکە "دەنیز بایکاڵ" سەرۆکی پارتی کۆماری گەلی ئۆپۆزیسۆن هێناویەتە ناو رۆژەڤی سیاسی تورکیاوە. لە لێدوانەکە دا هاتووە کە "لە -٦- لە شاری دوبەی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، لە نێوان "عەلی باباجان" وەزیری کاروباری ئابووری تورکیا و وەزیری خەزانەداری ئەمریکا رێککەوتننامەیەک ئیمزا کراوە و تێیداوە هاتووە بە مەرجی ئەنجام نەدانی لەشکرکێشی و دەستێوەرنەدانی سەربازی لە باشووری کوردستان، ئەمریکا یەک ملیار دۆلار هاوکاری تورکیا دەکات، بەڵام ئەگەر ئەنکارا رێز لەو رێککەوتنە نەگرێ، پارەکەی پێنادرێ.

کاتێ ئەردۆغان، بەرەوڕووی هێرشی توندی ئۆپۆزیسیۆن بۆتەوە یاساکە نەچۆتە ناو پارلەمان و دەنگی لەسەر نەدراوەو هەڵوەشاوەتەوە.

## هەلیکۆپتەرێکی نەناسراو لە سەر قەندیل دەسووڕێتەوە

**هەواڵەکان:** شەوی ٦-- هەلیکۆپتەرێکی نەناسراو لەسەر ئاسمانی چیای قەندیل سووڕاوەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیاریێتی لە ئەستۆ نەگرتووە.

بەگوێرەی زانیاریەکان هەلیکۆمپتەرەکە بۆ ماوەی ٤٥ خولەک زۆر بە نزمی لەسەر ئاسمانی کێوی قەندیل هەڵفڕیوە، لەوانەیە وێنەی بنکەو بارەگاکانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی گرتبێ.

زانیاریەکان دووپات دەکەنەوە کە کاتژمێر ی شەوی ٦-- هەلیکۆپتەرەکە لە دەڤەری باڵەییانەوە بەرەو چیای کادۆ و چیای قەندیل هاتووەو بە شێوەیەکی نزم هەڵفڕیووەو بێباکانە سووڕاوەتەوەو کەسیش بەرپەچی نەداوەتەوە.

هەرچەندە گومانی ئەوە دەکرێ کە هەلیکۆپتەری سوپای تورکیا بێ، بەڵام تا ئێستا نەزانراوە ئایا هی ئەمریکا، تورکیا یان هی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە، چونکە هەرسێ لایەن ئەو شوێنە دەکەنە ئامانج و ئەگەری هێرشکردنە سەر ئەو ناوچانە لە ئارادایە کە پارتی کرێکارانی کوردستان بنکەو بارەگای لێ داناوە.

## رۆژەڤ

ئەگەر بە ژمارەی زۆری کۆبوونەوەکان بێ، پێویستە هەموو کێشەو قەیرانەکانی کوردستان لە چاو تروکانێکدا چارەسەر بکرێن و جەماوەر بحەسێتەوە، بەڵام تەنگژەو کێماسیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە ئەندازەی ژمارەی کۆبوونەوەکان زۆر و زۆرتر دەبن. تەنانەت ئەو سۆزو بەڵێنانەی لە دوای کۆبوونەوەکانیش بە جەماوەر دەدرێن دوای چەند چرکەیەک بەتاڵ دەبنەوەو لەبیر دەچنەوەو جارێکی دیکە بۆیان ناگەڕێنەوە.

رۆژانە لەرێگەی راگەیاندنەکانەوە بە نێوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوانە ئاشنا دەبین کەلە پەنای چارەسەکردنی قەیرانەکانەوە بەڕێوەدەچن! بەڵام دارشتنی هەواڵی هەموو کۆبوونەوەکان لەیەک دەچن و بەردەوام دووپات دەبنەوە. هەموو کۆبوونەوەکان جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەن و پشتیوانی خۆیان بۆ داخوازیەکانی جەماوەر دەردەبڕن و دووپات لەسەر خواستە نەتەوەییەکان دەکەنەوە، دواخستنی بەڕێوەبردنی ریفراندۆم و نەچەسپاندنی یاسای نەوت و پەراوێزکردنی کورد لە حکومەتی ناوەندیدا بە هێڵی سوور دەچوێنن و سازشی لەسەر ناکەن، کەچی ئاکام پێچەوانەی ئەوانە سەر راست دەبێتەوە.

ئەگەر لێدوانەکانی دوای کۆبوونەوەکان راست دەرچووبان، دەبوایە بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان لە دۆزەخی ژیانەوە بەرەو بەهەشت بەرێ کرابان، دەبوایە ئەنفالچیەکان رادەستی دادگە بکرابان، دەبووایە قەیرانەکانی سووتەمەنی و کارەباو نیشتەجێبوون شوێنەواریشیان نەمابایە، دەبوایە دوبەی لاسای هەولێری بکرابایەوە، رۆژنامەوانان چاویان بەزیندان نەکەوتبایە، ژنکوژان گۆشەکانی زیندانیان پڕ بکرابایەوە!! منداڵانی کوردستان لە سەر نازو نیعمەت راگیرابان.

ئەمڕۆ کوردستان بە وڵاتی کۆبوونەوەکان ناسراوە، لەوانەیە هیچ حکومەت و وڵاتێک بە ئەندازەی کوردستان کۆبوونەوەی تێدا نەکرێ، سەرۆک و وەزیر و بەرپرسەکانیش بە شێوەی لای خۆمان سەرقاڵی کۆبوونەوە نەبن، ئاکامی کۆبوونەوە و لێدوانەکانیش چارەنووسی هاوبەشیان لەگەڵ ئەوانەی خۆمان نەبێ.

ئەگەر وڵاتان لە سەر پێشکەوتن و وەدەستهێنانی زانست پێشبرکێ بکەن و پلەی یەکەم وەدەست بێنن، گومانی تێدانیە کە کوردستان لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە پلەی یەکەم وەدەست دێنێ. ئایا کێ ئەو کۆبوونەوانەی لەبیر ماوە کە بۆ کۆتاکردنی شەڕی نێوەخۆ ویەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردەواری ئەنجام دران؟! کێ ناوەڕۆکی ئەو کۆبوونەوانەی بەبیر دێتەوە کە بۆ تێکەڵکردنەوەی هەردوو ئیدارەکە ئەنجام دران؟! کێ ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی تۆمار کردووە کە بۆ ئاسایی کردنەوەی رەوشی کەرکوک لە شوێنە جۆراوجۆرەکان بەڕێوەچوونە؟!

ئایا مەبەستی کۆبوونەوە بۆ گەرمکردنی بازاڕی کەناڵەکانی راگەیاندنە یان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکان؟!